# ئەمن هیوای سەربەخۆییم   ئەحمەد دەشتی



ئەوا ئەمڕۆش وا بەسەر چوو
غوربەتی دڵ هەر مایەوە
خەمی دووری و بیانی بوون
هەتا ئەمڕۆ لە دووری خاک نەبڕایەوە

ئەمن هیوای وەڵاتێکی سەربەخۆ بووم
حەزی بەرزی رزگار بوونی کوردستان بووم
ئەوائێستاش بێ مرادو دوورم لە خاک
ژینم گرینە هەر لەو کاتەی ڕەها نەبووم

زۆر لە مێژە بە دڵی خەم و ئازارەوە
دوور لە دیدەی ڕزگابوونی کوردستانم
چاوەڕوانم کە ڕۆژێ بێ وەکو گەلان
منیش خاوەن سەربەخۆیی نیشتمانم

هەرلەوساوەی کە هەستم کرد
کوردستانی خۆم خۆش دەوێ
هەر بۆیەشە سالەهایە لەم دووریەم
چونکە شادی و سەربەخۆیی کوردم دەوێ

زۆر لەمێژە ژانی برین و نەهامەتیم
لە ڕێی بەرزی و ڕزگار بوونی کوردستانە
هەزار هێندە دڵ پڕ خەم و دەربەدەربم
هەتاکو هەم ژیانم لە ڕێی نیشتمانە

بۆ کورد دەژیم کوردستانم ڕامانمە
تا وەدی نێ سەربەخۆیی گەلی کوردم
ئەمن هەرگیز ئۆقرە ناگرم دڵ ناحەسێ



**تا ئەو ڕۆژەی ڕزگار دەبی خاکی کوردم**

**لە هەرکاتی ئاڵای جوانی کوردستانم**
**من ببینم کەوا بەرزە و شەکاوەیە**
**ئەوسا دەڵیم ئۆخەی لە ژیان**
**کە کوردستان وا ڕزگار و گەشاوەیە**

**هەتا منیش ئاڵای ڕەنگین بەرز نەکەم**
**تخوبی کورد لەم جیهانە دیار نەکەم**
**نە جەژنەم هەز نە شادی ژین**
**هەتا گوڵیسەربەبەخۆیی من بۆن نەکەم**

**ئەوسا منیش ئەسی هونەر زوو تاو دەدەم**
**کوردستانم بەرپەو بەرزی زانست دەبەم**
**تەکنەلۆژیا و پێشکەوتنی کوردستانم**
**لەم جیهانە بە تەکنیکی کورد دەردەخەم**

**تف لە چارەی داگیرکەری تەرەس دەکەم**
**دەست لە ملی خۆشەویستی کوردم دەکەم**
**ئاڵای جوانم هەل دەدەم و**
**چاوی هەرچی کە نەیارە کوێرکوێر دەکەم**

**بە یادی ڕۆژانی ئاوارەبوون و دەربەدەریمان و یادی کوردستانی لە هەموو شتێکمان خۆشەویسترو جوانتر ، کە تا ئەوڕۆژەی گیانم لە لەش دایە بە قوربانی خاکی زێرینی نیشتنمانی خۆم و زێدی باوو باپیرانی خۆمم لە هەموو شتێ لا گەورەترە و تا دەمرم بەو هیوایەم کە ڕۆژێ بێت و ئالای کوردستانی ڕەنگینی من لە سەر هەموو ترۆپک و لوتکە بەرزەکانی کوردستان و ئەم جیهانەدا لە پاڵ ئاڵای تەواوی گەلانی ئازادو سەربەخۆ لە تەلاری نەتەوە یەکگرتوەکان دا بۆ هەمیشە بشەکێتەوە و کوردستانی ئازیزی منیش سەربەخۆ و ڕزگار ببیت. بەهاری** 2000.